ناکامکردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی لە گرەوی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدایە لە کوردستان!

سامان کریم
zaryak@yahoo.com

دەورەیەك لە تەقینەوە لەلایەن تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیەوە لە کوردستان دەستپێکردۆتەوە، لە هەولێرو مەخمورو هەروەها دەنگوباسی دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە تیرۆریستان لە سلێمانیو جەولەی مەفەرەزەکانی کەتیبەی سەر بە قاعیدە لە ناوچە سنورییەکان لە گەڵ ئیرانداو هەڕەشەکردن لە خەڵکی ناوچەکە بۆتە مۆتەکەی خەونەکانی خەڵکی کوردستان. ئەمانە واقعیەتێکن کە لە ماوەی 4 ساڵی ڕابوردودا چەند جار دوبارە بونەوە. وەلامی دەسەلاتدارانی کوردستان بەم هەڕەشانەی ئیسلامی سیاسی وەك جارەکانی پێشوو، هەڕەشەیە، وەك دەستگیرکردنو وەلامی سەربازی... کە پێویستە لەبەرانبەر تیرۆریزمدا بەکاربهێنریت بەلام ڕیگا چارەنین، لەگەڵ کۆمەلێك هەنگاوی ئەمنی لە توندکردنەوەی خاڵەکانی پشکنینەوە بگرە تاکو دانانی چەندین خالی پشکنینی تازە لە نیو شارەکانو دەرەوەیداو بەم پێیەش بێزاربونی خەڵك لەم ڕیگا چارانە.

هۆی سەرەکی دوبارەبونەوەی ئەم دیاردە ترسناکەو برەو دانی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بە کارە دژە ئینسانیەکانی لەکوردستان ڕاستەوخۆ پشتیان بەهۆکاری بابەتی بەستوە کە ڕیشەی لە هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدایە. ڕۆشنە کە تیرۆرو تیرۆریزم بەهەر شێوەو شیوازێك بڕیتە پێشەوە، وە لە ژێر هەر بیانوو لەوحەیەکدا جێبەجیبکریت پێویستە ئیدانەو ڕیسوا بکرێت. بەلاّم ناکامکردنەوەی کاری تیرۆریستانو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییانو لە دوا ئاکامدا خەباتکردن لە پێناو بنەبڕکردنی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیەدا، پێویستی بەوە هەیە کە هۆ بابەتیەکان دەست نیشان بکرێتو ڕیچکەی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئاستی بزوتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەریدا ئامانجی خۆی بکاتە نەهێشتنی ئەو هۆ بابەتیانە کە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی لەسەری گەشە دەکەنو بیانو بۆ کارەکانیان دەدۆزنەوە.

ئیمە هەر لەسەرەتای داگیرکاری ئەمەریکاوە بەڕۆشنی خەڵکی کوردستانو دەسەلاتدارانمان ئاگادارکردەوە لە پرۆسێسێکی سیاسی کە ئەمەریکا رابەری دەکاتو دەسەلاتدارانی کوردستان هاوبەشن تیایدا. پاشان لە خەتەری بڕیاری ناردنی "پێشمەرگە" بۆ بەغداو ناوچەکانی دیکە دیسان دەسەلاتدارانو خەلکی کوردستانمان ئاگادار کردەوە لەوەی کە چۆن ئەم بڕیارە دەبیتە بیانوو هۆکاریك بەدەست تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسیەوە بۆ کردوە تیرۆریستیەکانیان. ئێستا پاش تەقینەوەکانی ئەم دواییە پاش ئەوەی کە ڕیگا چارەکانی دەسەلاتداران هەموویان نەزۆك دەرچونو ناکام ماونەتەوە لە بەرانبەر کردەوەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسیدا، خەلکی کوردستان پێویستی بەوەهەیە کە جاریکی دیکە چوارچێوەی بیرکردنەوەی سیاسی خۆی بگۆڕێت بە ئاقاری خەباتکردن لە پێناو ڕیشە کێشکردنی هۆکارەکانی بن دەستی ئیسلامی سیاسی. پاساوی هیزە تیرۆریستیەکان ڕۆشنە ئەویش بەشداری کردنی دەسەلاتدارانی کوردستانە لە پرۆسێسی سیاسی ئێستای عیراقدا کە ئەمەریکا رابەری دەکاتو بەشداریکردنی "پێشمەرگەیە" لە شەری تیرۆریستی نیوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسیدا. ئیسلامی سیاسیو بالی بن لادنی بەئاشکرا تەقینەوەکەی هەولیریان وەك وەلامیك بۆ "پێشمەرگە" ناوزەدە کردوە.

کەواتە خەلکی کوردستان پێویستە چی بکات بۆ وشکردنی ئەو سەرچاوانەی کە ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەی ئاوی لیدەخواتەوە؟! خەباتکردن لە پیناو جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتێکی سەربەخۆ، کە تیایدا گشت هاوولاتیانی کوردستان بەپێی پرنسیبی مافی هاوولاتیبونی یەکسان لە دەوڵەتی سەربەخۆدا ریك بخرین. دەولەتیك کە دین جیایە لێیو نە سەرچاوەیەکە بۆ دەستورەکەی وە نە پایەیەکە بۆ یاسای باری کەسێتی وە بەتەواوی جیایە لە پەروەردەو خویندن، دەولەتیك کە گشت ئازادییە سیاسیو مافە فەردیو مەدەنیەکان دەستەبەر دەکات. ئەمکارە لە ئەستۆی تەواوی حزبو هیزو لایەنو کەسایەتیە ئازادیخوازەکانە کە دەیانەوێت بە ڕیگای واقعی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بنەبڕبکەنو لە ڕیشەوە دەریبکێشن هەروەك گیاکەڵەی نێو توتن. ئەم خەباتو ئامانجە تەنها ڕیگای واقعیو ممکنە بۆ دەست بەستنی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو دورخستنەوەی خەڵکی کوردستان لە شەڕی تیرۆریزمێك کە هیچ قازانجیکی لێنابینێت.